# دادگا بچوکترین ژنی یەمەنی، تەڵاق دا!

«نجود» ی منداڵ (تەمەن ٨ ساڵ)، رۆژێک خۆی دۆزییەوە کە باوکی بە پیاوێکی (٢٨) ساڵی داوە، ئەو رۆژە دەرکی بە زەواجەکەی نەکرد و زۆر خۆشحاڵ کە لە رۆژی ئەڵقە گۆڕینەوەدا، ئەڵقە گۆڕینەوە و دەنگی تەپڵ و هەلهەلەی ژنانی دەبیست.
بە فەرمانی باوکی «نجود» نێردرایە نێو ماڵی هاوسەری و لەوێوە دوای دوو مانگ قەبارەی ئەو کارەساتەی بینی، کە کەوتۆتە نێوی و فریادڕەسێک نەبوو، رزگاری بکات، تا لە کۆتایی دادگا تەڵاقی دا.

ئامادەکردنی : پارێزەر زاگرۆس ئاکرەیی



«نجود» دەڵێت : خاڵی هانی دا کە پەنا بەرێتە بەر دادگا و داوای تەڵاق بکات، بۆیە رۆژێکیان بە دزی مێردەکەیەوە بە تەنها چووە دادگا. ئەو بووکە بچووکە دەرکی بە قسەی باوکی نەدەکرد، کاتێک پێی گوتبوو: کچەکەم، مەرجی

ئەوەم لەسەر مێردەکەت داناوە، کە تا تەمەنت نەگاتە هەژدە ساڵان، نەتگوازێتەوە. ئاخر ئەو بەستەزمانە نەیدەزانی مانا و مەغزای هاوسەرگیریی چییە؟!
رۆژێک دەستگیرانەکەی داوا لە باوکی دەکات، کە رەزامەندی بنوێنێت بۆ گواستنەوەی، باوکی «نجود» یش رێی پێ دەدات، بۆیە ئەو رۆژە ماڵی «نجود» قەرەباڵغ دەبێت و پێشتر بووکیش دەبەنە ئارایشگا و جلی بوکێنی لەبەر دەکەن، کە زۆر پێی خۆشحاڵ دەبێت، چونکە بەلایەوە شتێکی زۆر سەیر و خۆش دەبێت.
کە ئاهەنگ تەواو دەبێت، نجود دەبەنە ماڵی باوکی زاوا ( کەلە دەرەوەی پایەتەختە)، شەو دادێت، نجود دەست بە گریان دەکات و داوای ئەوە دەکات، کە لەنێو ئەو دەموچاوە نامۆیانە، رزگار بێت و بچێتە ماڵە باوانی بخەوێت.
دوو مانگ بەسەر ئەو بارە دا تێدەپەڕێت و لەو ماوەیەدا، نجود

باری دەروونی زۆر دەشلەژێ و لێدانێکی زۆریش بە دەست مێردە بێڕەحمەکەی دەخوات.
بۆیە رۆژێک ژیرانە، لە دەست ماڵی بووکێنی را دەکات و بەرەو ماڵی باوکی دێتەوە، لەوێوەش پەنا بۆ دادگا دێنێت، بۆ رزگار بوون لەدەست ئەو نەهامەتی و کارەساتەی کە بەدەستییەوە دەناڵێنێت.
نجود پەنا بۆ دادگا دێنێت و کە سەرۆکی دادگا ئەو حاڵەتە نائاساییە دەگمەنە دەبینێت، چاوی پڕ لە فرمێسک دەبێت و دوای ئەوەی بڕیاری ئەوە دەدات، کە بەیانی زاوا و باوکی کچە بانگهێشتی بەردەم دادگا بکات، ئەو رۆژە کچە دەباتەوە ماڵی خۆی و دەستی بەسەردا دێنێت و منداڵەکانی یاری لەگەڵدا دەکەن.
بۆ بەیانی هەردوو تاوانبارەکە، باوکی و مێردەکەی، بە شەرمەزارییەوە لەبەردەم دادوەر دەوەستن، کە دادوەر هۆکاری



ئەو زوو بە شوودانەی کچەکەی لە باوکی دەپرسێت، باوکەکەی دەڵێت : زۆر لێی دەترسام، کە چارەنووسی وەکو خوشکەکەی لێ بێت، کاتێک کۆمەڵێک گەنج ڕفاندیان و دوای دەستدرێژیکردنە سەری، کوشتیان.

لە وەڵامی ئەوەی کە « دەتەوێت ئێستا ژنەکەت تەڵاق بدەی؟» مێردەکەی بەوپەڕی بێ هەست و سۆزییەوە، گوتی: ئەگەر بیەوێت تەڵاقی بدەم، تەڵاقی دەدەم.

نجود ئەو هەلەی قۆستەوە و بەبێ ئەوەی چاوەڕێی پرسیاری دادوەرەکە بکات، بە دەنگێکی بەرز ڕووی لە مێردەکەی کرد و گوتی «تەڵاقم بدە، ڕقم لێت دەبێتەوە» لەوێوە، لەبەردەم دادوەر، نجود تەڵاق درا و کۆتایی بەو شانۆگەرییە ترسناکە هێنرا، کە ئەگەری ئەوەی هەبوو، کاراکتەرە سەرەکییەی ڕووبەڕووی مەرگ ببێتەوە.

دوای تەڵاقدانەکە، نجود جگە لە باوەشی پارێزەرە ئافرەتە بەخشندەکەی «شەزا ناسر» باوەشی دایکە کۆچکردووەکەیی و باوکە بێ بەزەییەکەی نەبینی.

بەڵام ئەوەی سەیر بوو، دادوەر دوای تەڵاقدانەکە بڕیاریدا، تەنها ٢٤ کاتژمێر باوک و مێردەکەی نجود بەند بکات، چونکە هیچ ماددەیەکی یاسایی وەها لەو وڵاتەدا نییە، کە سزایەکی توند بۆ ئەو جۆرە کەسانە ببڕێتەوە.

«شەزا ناسر» ی پارێزەری کچە تەڵاقدراوەکە، دەڵێت: کە ئەو کچەکەم لە دادگا بینی و وەزعەکەیم زانی، خۆبەخشانە مافی بەرگریکردنم لێی گرتە ئەستۆی خۆم، بەڕاستی بەزەییم بە حاڵی دەهاتەوە و فرمێسکم لە چاو قەتیس ما بوو، بەڵام بۆ ئەوەی ورەی نەڕووخێت و باری دەروونی تێک نەچێت، بەسەر خۆم نەدەهێنایەوە.

لەبارەی ئەگەری ڕوونەدانی حاڵەتی لەمجۆرە، ئەو پارێزەرە دبێژێت: پێویستە لەسەر ئەنجمەنی نوێنەرانی وڵات، کە یاسای باری کەسایەتی هەموار بکات و بە شوودانی کچان پێش تەمەنی هەژدە ساڵی قەدەخە بکات، تا کارەساتی لەوەی نجود دووبارە نەبێتەوە.

ئەمەل عامری چالاکڤانێکی بواری ئافرەتانە لەو وڵاتە، هەنبەر ئەو پرسگرییە دەڵێت: بەڕاستی بەو ڕووداوە پەشۆکام، هەرچەندە لە کولتوری یەمەنی ئەو حاڵەتانە زۆر هەن، بەڵام ئەوەیان زەق بووەوە، نەخاسمە کە کچەکە پەنای بۆ دادگا برد، دەنا زۆر حاڵەتی لەو شێوەیە هەن لە گوندەکان و کچەکان بەوپەڕی نائومێدیەوە، ملکەچی بڕیارە ستەمکارەکان دەبن.

ئەوەی کە زۆر گرینگ بووە بەلای ئەو ئافرەتەی بواری مافی ئافرەتان، ئەوە بووە کە نجود پەنای بۆ دادگا بردووە و داوای تەڵاقی کردووە، کە بە حەق ئەوەیان هەڵویستێکی دیرۆکییە، لە مێژووی ژیانی ئافرەتان پێویستە بنووسرێتەوە.

**سەرچاوە: گۆواری «مراة الغد» ی یەمەنی، ژمارە ٢٢٣.**